# لەسەتەلایتی کوردستان.. سەددام زێڕە

**نیهاد جامی**

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتانەی ژیان بەدەست بەعسەوە بوو هەمو شتێك گوزارشتی لە بێمانایی دەكرد، مرۆڤ بۆ ئەوەی بژیابا دەبوایە ژیانی خۆی تەسلیم بەعس بکردبا، دژ وەستانەوە لەبەرامبەر بەعسدا جگە لە مردن مانایەكی تری نەبوو، بەنرخترین ئاڵتوون لەژیانی عێراقیەكان بەعس و سەددام بوون، ئاڵتوون بردن لەماڵەكان بەناوی هاوكاریكردن بۆ جەنگ، لەڕاستیدا ئەوە بەعس نەبوو پێویستی بە ئاڵتوون و زێڕی هاوڵاتیەكانی هەبوو تا بێتە ماڵەوە زێڕی ژنەكان بەرێت، نا بەڵكو لەپشت ئەو ئاڵتون و خشڵ و زێرەوە دەیویست پێمان بڵێت ئەوە مولكی خۆمە دەیبەخشمەوە جەنگ لەپێناو پاراستنی ژیانتان، زێڕ و ئاڵتوونی ڕاستەقینەی عیراقیەكان ئاڵتوونی ڕەمزیە، ڕەمزیی بوون لە عیراقی بەعسیزمدا سەددام حوسێن بوو، ئەو پیاوەی وێنەكەی لە ماڵەكانمان هەبێت مانای وایە ئێمە خاوەنی زێرین نەك هەر هێندە زمانی كوردی و عەرەبی و ئاسوری و توركمانی لەعیراقدا خاوەنی گۆرانی (غالی صدام نغالی) بە عەرەبی و (زێڕە سەددام زێڕە) بە كوردی و (یاشە یاشە صدام یاشە) بە ئاشوری، هەموو ئەوانە مانای وابوو كە دەبوو ئەو زێڕە ڕەمزیەی كەناوی سەددام حوسێنە پەڕیەوە ناو زمانی هەموومان، گرفتێك نەبوو لەوەی تۆ بەچ زمانێك لەعیراقی بەعسیزمدا دەژییێت، گرنگ ئاوازێكی یەكگرتو هەبێت بۆ ژیانی سەددام  و سەیركردنی بە زێڕ، ئەو ئاڵتوونە ڕەمزیە بە شكانی پەیكەرەكەی سەددام و كۆتایی دەسەڵاتی و تەنانەت بە لەسێدارەدانیشی كۆتایی نەهات، بەڵكو كەوتە ناو یادەوەریی و نەستی كوردیەوە، كاتێ ئەو پیاوە ترسناكە دەسگیر كرا شەقامی كوردیی دەمەو ئێوارەیەك ویستی سۆزی بۆ ئەو دڕندەیە دەربڕێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەوڵیدا بیشارێتەوە، كە ئیعدام كرا كورد یادەوەریی خۆی لەبەرامبەر ئەو دڕندەیە بیرچوو یەكسەر ووتیان شوێنی بەهەشتە بەو جەژنی موبارەكە كوشتیان، ئیدی ڕۆژانە بەشێوەو ستایلی جیاواز یادەوەری كوردی بیر دەچێتەوە و یادەوەری بەعسیزم لە شوێنیدا ئیش دەكات، كە هەر یەك لەوانە شوێنی لێكۆڵینەوە ونووسینی جیاوازە، بەڵام ئەوەی لەهەمووی سەیرتر بێت، سەر لەبەیانی ڕۆژی2007-1-18 لە كاتژمێر 10:12 بەیانی سەتەلایتی كوردستان بەرنامەیەكی جەژنانەی لەئەوروپا نیشان دەدات، كە بێژەرەكەی دیمەنی جەژن و بەفر خلیسكێی كوردان و چۆنیەتی بەڕێوەچونی ساتەكانی شادی لای پەناهەندەی كوردی نیشان دەدا كەچی لە پڕێكدا كاتێ وێنەكان نیشان دەدران بۆ ماوەی دەقیقەیەك لەناو بەرنامەكە مۆسیقای وێنەیی بەرنامەكە ئاوازی گۆرانی زێرە بوو، ئایا ئەوە مانای چی بوو دەبێت پاكانە بۆ ئەو ئاوازە چی بێت؟ هەڵبەت ئەوە هەڵەیەكی هونەری نەبوو دەبێت بە چ مەبەستێك ئەو كارە ئەنجام درابێت، ئایا لەبەهێزی ئاوازەكە بوو ئاخۆ دەبێت یادەوەری ئێمە بەو گۆرانیانە گوزارشت لەشادیەكانمان بكەین وەك لەشەڕەكانی بەعسدا مێشكمان بەو ئاوازانە ئاو دەدرا؟ یا پارتی چونكە بەعس دیاریەكی گەورەی لە 31 ئاب پێبەخشی، بە گەڕانەوەی بۆ هەولێر تا ئێستاش ناتوانێ ئەو سەروەری و چاكەیەی سەددام لەگەڵی كرد لەبیری بكات یان بەڕاستی لە سەتەلایتی كوردستان زێڕە زێڕە سەددام زێڕە؟